ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

کوردی نووسین لە Photoshop ME.

نووسەر : Aso Naderi
@: Aso.Naderi@Gmail.Com

لەم بابەتەدا چۆنیەتی بە کوردی نووسین لە پرۆگرامی بەناوبانگ Adobe Photoshop ME CS V8، بە بەکاربردنی پرۆگرامی ئۆفیسی کوردی کە پرۆگرامێکی کوردیە و بە شێوەیەکی زۆر جوان و کورت ئەو کارە جێبەجێ دەکات.
بە کوردی نووسین لە پرۆگرامی فۆتۆشۆپ بە گشتیی شتێکی ئاسان نیە و هەندێک زانیاری دەوێت، بەڵام کاک هونەر لە بابەتێکی دا لە وێبگەی زانستپەروەرانی کورد دا ئەو شتەی هەندێک ئاسان کردۆتەوە.
بۆ خوێندنەوەی بابەتە زۆر بەسوودەکەی کاک هونەر سەبارەت بە کوردی نووسین لە فۆتۆشۆپ ئێرە کرتە بکە.
ئەم بابەتە تایبەتە بە پرۆگرامی Photoshop ME و لە فۆتۆشۆپی ئاسایی دا سەر ناگرێت.
Adobe Photoshop ME Version وەشانێکی تایبەتی ئەو پرۆگرامەیە بۆ ئەو وڵات و گەلانەی کە بە شێوەیەکی گشتیی بە پیتی عەرەبی دەنووسن.
گەر ئەو وەشانەی پرۆگرامەکەت نیە، دەتوانی سەردانێکی ئەم بابەتە بکەیت و هەوڵ بدەیت دایبگریت.
هەروەها پێویست دەکات کە پرۆگرامی ئۆفیسی کوردی وەشانی 2002 دابمەزرێنیت.
بۆ داگرتن ئێرە کرتە بکە.
زۆر سوپاس و دەستخۆشی لە بەرێز خ. بەلوریان دەکەین بۆ بەبەرهەم هێنانی ئەو پرۆگرامە.
پاش دامەزراندنی هەردوو پرۆگرامەکە، لە ئۆفیسی کوردی دا نووسینەکانت بنووسە،




پاشان نووسینەکەت دەستنیشان بکە و ڕوونووس/کۆپی بکە.
لە پرۆگرامی فۆتۆشۆپ دا بیلکێنە/ Paste،




پاش لکاندن جۆرەپیت لە پرۆگرامەکەدا بگۆرە بۆ هەمان ئەوەی کە لە ئۆفیس دا نووسینەکەت پێنووسی.
دەبینی کە بێ کێشە نووسینەکەت دەردەکەوێت و دەتوانی بە ئارەزووی خۆت دەستکاری بکەیت.
کۆتایی.

Nov 2005 03

Make Your Donation Today
Help Rebuild Lives & Communities in Hurricane Affected States.
آگهی های سرویس عمومی گوگل
تبلیغات در این سایت